www.kurdistannet.org
26-4-2006 16:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەوەڵامی گێلە پیاوێکی جنێو فرۆشدا.... ئامانج عەبدوڵا سوور**

ئەوەی گێلە پیاوی عەزیز نەسینی خوێندبێتەوە باش بەپاڵەوانەکەی ئاشنا دەبێت کە سینە ساف ودوور لەکینە وپاشەڵ پیسی رەفتار ئەکات بەڵام هەرگیز بەخت یاوەری نیە لی ئەو ناونیشانەی من دوورە لەکەسێیەتی ئەو پاڵەوانەوە، ئەمیان (گۆران قەڵادزەیی) پێخۆری باشترین ساتێرم دەبێت، کە هەرزەوکاڵفامانە بەپەرگرافێکی منالانەومانشێتێکی بی ناوەرۆك بەرگری لە هونەرمەندێك ئەکات وسەروەری نەتەوەیی ئەخاتە ژێر باری گومانەوە کە مانشێتی بابەتەکەی دەخوێنیەوە رێك وادەزانی شاگردێکی کۆنە رەفیقی عەقید خەڵەف ئەم بابەتەی نوسیوە..

ئەم کاڵفامە هەرزە بیرە مۆخ دارزاوە قەڵەم کەنفتە نوسیویەتی گوایە زەکەر یا ئەوکورە تاقانە جەربەزە شۆرشگێرە بلیمەتە فۆکۆئاسایە و ئەم زانا تەهتاویە گەورەیە لەئالای کوردستان وئەی رەقیب مەزنترە، پاڵەوانی ئەم ساتێرە گاڵتەجارە زۆر خراپی لی قەوماوە رەنگبی توشی شۆك هاتبی یان بەدیار پێکێکی کۆکتیلەوە بەویسکی وبرێندی وجن سەری بەئەندازەی سورانی گەردون خولابێتەوە بەرەوقیبلەی جاشان لەبەغدای جاران وهەوای هەشتاکان دابێتیەوە سەری، ئەم بەدبەختە کەبوبە نیشانی ئەم بابەتە ونان وپیازی سفرەی نوکتەبازی، ئەوەی لەیاد چوە کە سرودی ئەی رەقیب مارش ومارسیلزی نەتەوەیەکە زیاد لەهەفتا ساڵە دەیچری بۆ ئازادی وخوێنی بۆ بەخشیوە تاهەنوکە بەئازادی لەپارچەیەکی دا بوترێتەوە، لای کورد ئەگەر بەقەد مسقاڵی زەرە هەرکەسێك شەرەفی نەتەوەیی هەبێت دەزانی کە ئەی رەقیب تلمودی بەستەی دەمی ئازادیخواهانی کوردە، نەك کاڵفامێکی بەدبەختی وەك گۆران قەڵادزەیی بێت وبیگۆرێتەوە بە تیلی ناز وچاوی باز وگەردنی قاز!!!

ئالای کوردستان کەسیمبوڵی نەتەوەیی کوردە ئەودەمەی کە لەکۆماری کوردستان هەڵکرا پیاوێکی مەزن خۆی لەدەوری گێرا بوبە قوربانی ئەوئالایە، ئەمرۆ تەنانەت منالانی کورد بەرەنگەئاڵەکانی چاویان ئەگەشێتەوە، دوژمنانی کورد بەگشتی وتورانیەکان بەتایبەتی بەچەشنی کەڵ گای ئیسپانی وکاکە گۆران بەرەنگەکانی هەراسان دەبن، ئەو کاتەی سەرۆك بارزانی بریاری هەڵکردنی ئەم ئالایەیەی لەکوردستانی ئازاد جار پی دا ئێستاشی لەسەر بێت تورانیەکان پێی هەراسانن ولێإ نیگەرانن... لی ئەم ناوازە هەرزەیە هونەرمەندێکی رەسەن بەئەندازەی کەڵەبابی شامیمان بەبەرزتر لەو ئالامەزنە ئەروانی!!!

لای من پێڵاوی دراوی پورە رەعنا سەری گەورەی ئەوانە دێنی کە کە ئەمرۆ ملێۆنێك بەبی نرخ ومایە دادەنێن وکاسە کانیان بەخوێنی قارەمانی ناو دێرە هۆنراوەکانی جەنەراڵی پایز نۆش ئەکەن!!!بەئێوەشەوە گەر لەگەڵما نین، ئیدی کاك عومەر فارسیش ئەبی بەوراستیە باش ئاشنا بێـ داگرتنی بابەتی لەوجۆرە هۆکاری بونە سەکۆی ئەم سایتە نیە، بابەبتی منالانە وبی باکگراوند زیاتر زوخاوی لەسکی ئەندێشەیەکی منالانەیە دەنا من تی ناگەم ئەم پیاوە بەچی تەنزیرێکی نوی بوە بەزانا وبلیمەت؟؟؟؟

پورە رەعنا پێڵاوەکانی درا وهیچی پی نەبرا کەچی ئاغایانی ئەرجومەنی شەوانی سور کۆشك ئەرازێننەوە!!!!!!!!!